# پـــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. (3137)] **ساڵی ٢٠١٩** ((**دووەم جار**))

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

**بۆ پرۆژەی**: کاری پاککردنەوەی (چوار ستوون ) ی نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ( **دووەم جار** ) کە پێك دێت لەم ستوونانە :-

-ستوونی یەکەم ( نەخۆشخانەی( فێرکاری وفریاکەوتن و پسپۆڕییەکانی دڵ )سەنتەری( قوڕگ و گوێ و لووت وهەرس و جگەرو تیشك و بانکی خوێن و تاقیگەی تەندروستی گشتی ١ وتاقیگەی تەندروستی گشتی ٢ و گە نجینەی کارگوزاری ) ) .

٢-ستوونی دووەم ( نەخۆشخانەی ( هەناوی فێرکاری و فریاکەوتنی هەناوی وشەهید غەریب هەڵەدنی و شەهید تاهر علی والی بگ ) و سەنتەری ( تالاسیمیا ونەخۆشییە دەرونییەکان ) وسوتێنەری تا نجەرۆ ( محرقە ) و سەنتەری ڕاهێنانی منداڵان وسەنتەری ( ژیانەوە بۆ چارەسەر بە تیشك و کوێرە گلاندەکان وکۆمەڵگەی پیرەمێردی پسپۆڕی ددان ) و کۆگای دەرمانی هەرێم و مەڵبەندی تەندروستی عەلی کەمال و شەهید ڕێباز) ).

٣-ستوونی سێیەم ( نەخۆشخانەی ( مناڵبوون و شارو پێنجوێن و سۆزی دەروونی و پیرەمەگرون ) و پە یمانگای پزیشکی دادوەری و کارگەی ئۆکسجین و سەنتەری هۆشیاری تەندروستی مەمك و سەنتەری رۆماتیزم ) .

٤- ستوونی چوارەم ( نەخۆشخانەی ( مناڵان و هیوا و شەهید د.ئاسۆ و شەهید صلاحی مهندس و شەهید شاسواری گەرمیان بۆ چاندنی مۆخی ئێسك ) و سەنتەری ( ددانی شۆڕش ) و کلینیکی ڕاوێژکاری سنگ و سەنتەری گورچیلەی دەستکرد ).

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر ( ٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٠١٩/١/١٣ ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( ٢٠١٩/١/٢٧ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ )ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( ٢٠١٩/١/٣٠ ) کاتژمێر ( ١٠:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی ( ٢٠١٩/١/٣٠ )دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر.

٤- ئەگەر ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە ڕۆژی کرنەوەی تەندەر.

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٦-- پێویستە کۆمپانیا پێش ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە لەلایەن لیژنەی سپاردن بەنووسراوپشتگیری ئەو بانکە بهێنێت کە پارەی تێدا داناوە و بڕی ڕەصیدی بانکی کۆمپانیای تێدا دیاری بکرێت وپێویستە بڕی پارەی دانراوی لە بڕی دوو مانگی شایستەی دارایی کەمتر نەبێت ، (لەنوسراوی پشتگیری یەکەدا ئاماژە بکرێت بەوەی کەوا سیولەی نەقدی هەیە هەرکات پێویست بوو ).

٧- پێویستە بەڵێندەر نووسراوی پێشکەشکردنی تەندەر (کتاب عطاء ) هاوپێچ بکات لەگەڵ تەندەرەکەدا کە مۆر وواژۆی کۆمپانیا کرابێت وژمارە وبەرواری لەسەربێت.

٨-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: ( ٣٦٥ ) سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژ ( ڕۆژی ڕۆژمێری ) .

٩- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ ) بێت.

١٠- پێویستە کۆمپانیاکان ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی٢٠١٩.

١١- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کرابن بۆ ساڵی ٢٠١٩.

١٢- پێویستە کۆمپانیا پێکهاتەی کارگێڕی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات وهاوبەشەکانی کۆمپانیا دیاری بکات .

١٣- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٩٠,٠٠٠,٠٠٠ ) نەوەد ملیۆن دینارەو بە ( چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) ( لە١١٨ ڕۆژ کەمتر نەبێت و لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێبکات ).

١٤- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

١٥- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٦- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەر ناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١٧- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

ن. ئامادەکردنی تەندەر | ن. چێکی تەندەر | ل.کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان

١٨- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٩- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٢٠- پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

٢١- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە وپاڵپشت بەمادەی (٣٧) برگەی (٢) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦).

٢٢- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بکات.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە ( یەك ) دا بێت، وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) ەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت و بڕوانامەی دامەزراندنیان هەبێت لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و تایبە تمەند بن لەبواری خزمەتگوزاری پاککردنەوە .

٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە تایبە تمەندن لە بواری پاککردنەوە وپلە یەك نین کە بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنیان هەبێت لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە مەرجێك جۆینت ڤێنجەر بکات لەگەڵ کۆمپانیایەکی پلە یەکدا ،یان بەنوسراوێك نیەتی خۆی دەربخات (رسالە نوایا)کە جۆینت ڤێنجەر دەکات لەگەڵ کۆمپانیای پلە یەکدا.

٣- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٤- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

ئەحمەد عەلی ئەحمەد

**جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ**

**کاروباری هونەری**

٢٠١٩/١/ ١١

**وێنەیەك بۆ**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن .
- ب.گرێ بەستەکان/ بەشی IT /بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا /بۆ کاری پێویست و بڵاوکردنەوەی.
- ب . ژمێریاری/بودجەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠١٨
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email:slemani.gov.tendering@gmail.com



ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ل.کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان

٢٠١٩/١/١٠ | ٢٠١٩/١/١٠ | | ٢٠١٩/١/٢٣